# مانگی دەستکرد و ئەرکەکانی

هۆشەنگ کەریم



لە دێر زەمانەوە مانگ کراوەتە هێمایەک بۆ خۆشەویستی و رۆمانسیەت و تریفەی مانگە شەویش کە جوانییەکی ئەفسوناوی بە سروشت دەبەخشێت بە هەزاران شیعر و هۆنراوەی لە بارەوە نووسراوە، تا ناوەراستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو کە دەگوترا مانگ، مەبەستەکە رۆشن و ئاشکرا بوو، بەڵام تەکنەلۆژیا گۆرانکاری بەسەر ناوی ئەم ئەستێرە و سیمبولەی ئەوینداران هێنا و مانگی دەستکردیش کەوتە سەر زاران و نێو فەرهەنگی زانستی.

**مانگی دەستکرد چییە و جۆرەکانی چین ؟**

مانگی دەستکرد تەنێکی دەستکردە لە بۆشایی ئاسمان جێگیر دەکرێت و لە رێگەی موشەکەوە ئاراستەی شوێنی مەبەست دەکرێت لە بۆشایی ئاسمان و لە رێگەی وێستگە زەمینیەکانەوە لە لایەن زانایان و پسپۆرانەوە فەرمانی پێدەدرێت بۆ کارکردن، مانگە دەستکردەکان بۆ بواری زانستی و سەربازی و گەیاندن بەکار دەهێنرێن.

**کارپێکردنی مانگە دەستکردەکان جۆراوجۆرن وەکو : .**

1. بواری گەیاندن و گواستنەوەی زانیاریەکان.
2. پەخشی ئاسمانی بۆ پەخشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ.
3. بواری چاودێریکردن، ئەم مانگە دەستکردانە هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی زانیاری



دەربارەی کەش و هەواو پێشبینیکردنی رەوشی کەش و هەوا.

4. بواری سەربازی و سیخوڕیکردن و پلانی ئاسایشی بەرگریکردن.

5. بواری زانستی کە لە بوارە جیاجیاکانی ئەزموون و لێکۆڵینەوەی زانستی بەکار دەهێنرێت.

**سەرەتای سەرهەڵدانی مانگە دەستکردەکان :**

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی (1957) دا بە هەڵدانی مانگە دەستکردی ( sputnils)لە لایەن سۆڤییەتیەکان چاخێکی نوێو زێڕین لە بەردەم بواری گەیاندن کرایەوە، پاشان لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە مانگی دەستکردی (Score)هەڵدراو پاشان چەندینی هەڵدران . بەڵام لە ساڵی (1962)دا تەکنەلۆژیای مانگە دەستکردەکانی قۆناغێکی گرنگی بڕی بە هەڵدانی مانگی (Telsar 1)کە بۆ گواستنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی لە نێوان ئەمەریکا و ئەورووپا بەکار هێنرا. ئەو مانگە دەستکردانەی لە بواری گواستنەوەی پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن بەکار دەهێنرێن لەسەر هێڵی نیوە گۆی زەوی جێگیر دەکرێن بۆ ئەوەی خێراییان هاوتای خێرایی سوڕانەوەی گۆی زەوی بێت، شوێنی جێگیربوونی مانگە دەستکردەکان لە بۆشایی ئاسماندا لە میانەی چوارگۆشەیەکی وەهمیدایە کە درێژییەکەی (100) کیلۆمەترە، ئەو مانگانەی لەسەر هێڵی نیوەگۆی زەوی جێگیر دەکرێن لە بەرزایی (36000)هەزار کیلۆ مەتردا کاردەکەن، ئەم بەرزاییەش لەسەر بنەمایەکی زانستی دەستنیشان کراوە چونکە ئەگەر لەم ئاستە بەرزتر بوو خێرایی سوڕانەوەی کەمتر دەبێت لە سوڕانەوەی گۆی زەوی و ئەگەر نزمتریش بوو خێراییەکەی زیاتر دەبێت لە خێرایی سوڕانەوەی گۆی زەوی .جۆر و ژمارەی مانگە دەستکردەکان شوێنەکەی دەست نیشان دەکات لەو رووبەرە چوارگۆشە وەهمیەی

کاری لەسەر دەکرێت، بۆ نموونە:
- مانگی ئاسترا (2 و 19) رۆژهەڵات واتە ئەم مانگە کەوتۆتە پلەی (2 و 19)ی رۆژهەڵات لە پێگەی سفری باشووردا.
- مانگی (نایل سات 7) پلەی رۆژئاوا واتە کەوتۆتە سنووری پلە(7)ی رۆژئاوا لە پێگەی سفری باشووردا. ئەگەر ژمارەیەک مانگی دەستکرد لە یەک پێگەدا هەبوون ئەم شوێنە بە پێگەی هاوبەشی مانگەکان ناودەبرێت (coopositioning). مانگە دەستکردەکانی تایبەت بە بواری گەیاندن و گوستنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی لە دوویەکەی سەرەکی پێکدێت، یەکەی ژمارە(1)لەو بەشانە پێکهاتووە کە کاریان کۆنترۆڵکردنی مانگی دەستکرد و ئامێری پێوانەکردن و پێدانی برە کارەبای پێویستە بە مانگەکە.
یەکەی (2) لە چەند (Transponder) پێکهاتووە و ئەم ئامێرەش تایبەتە بە ناردن و وەرگرتنی ئاماژە بۆ گۆی زەوی. ئەو مانگە دەستکردانەی بۆ بواری پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆن بەکاردەهێنرێت هەڵگری ژمارەیەک سینین و کاریان وەرگرتنی پەخشی ئەم کەناڵانەیە کە لە زەوییەوە ئاراستەیان دەکرێت و بەشێکی تری سینییەکان پەخشەکە بۆ زەوی دەنێرنەوە، بەشی سێیەمیان فەرمانی وێستگەکانیزەمینی وەردەگرن بۆ کۆنترۆڵکردنی مانگە دەستکردەکە. پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان سەرەتا وەکو ئاماژەیەک ئاراستەی وێستگەکانی زەمین دەکرێن و لەوێوە ئاماژەکان ئاراستەی مانگە دەستکردەکان دەکرێن کە مەبەستن. ئاماژەی وێستگەکان لە رێگای (ئوسیلیتور)کە لە بەشی یەکەی فەرمان پێکردنەوە وەردەگیرێت و ئاماژەکان بەهێزتر دەکات و تا ئاستی (70011/10)و(750/ 12)گێگاهرتز.
پاشان ئاماژەکان بە شێوەی لەرەلەر رەوانەی سینیەکانی تایبەت بە پەخشکردنەوە بەرەو گۆی زەوی دەکرێن و لەسەر رووی زەویش لە رێگەی سینیەکانەوە وەردەگیرێن. وەکو لە سەرەتادا باسمان کردووە مانگە دەستکردەکان بۆ چەندین بوار بەکار دەهێنرێن، دیارە هیچ مانگێکی دەستکرد ناتوانێت زانیارییەکانی بۆ تەواوی رووبەری گۆی زەوی بنێرێت بەڵکو تەنها دەتوانێت ئاراستەی رووبەرێکی دیاریکراویان بکات و ئەم ناوچەیەش بە شێوەیەکی بازنەیەکی دەستنیشان دەکرێت و بەرفراوانی ئەم رووبەرەش دەمێنێتەوە سەر هێزی مانگی دەستکرد. ئەگەر ئاماژەی مانگە دەستکردەکان لاوازبوون پێویست بە دانانی سینیەکی گەورە دەکات بۆ وەرگرتنی و بە پێچەوانەوە.ئەگەر ئاماژەکان بەهێز بوون پێویست بە سینیەکی بچووک دەکات.
بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی مانگە دەستکردەکانەوە پێگەی www.srs-astra.com یەکێکە لە سایتە هەرە دەوڵەمەندەکان و سوودی زۆر بە میوانانی دەگەیەنێت.

**شوفێری ئازیز ئایا دەزانی؟**

**سزای بەکارهێنانی مۆبایل لە لایەن شوفێرەوە بەپێی ماددەی (26 / برگە 3) لە یاسای هاتوچۆ ژمارە (48) ساڵی 1978، (7500) دینارە، لە بریتی ئەم پارەیە وەک سزا بدەیت دەتوانی دیارییەک بۆ منداڵەکەت یان هاوسەرەکەت بکڕیت؟**